## تەنها سێ رۆژی تر دە ژیم.... .. تکایە با بە دیداری دایکم رابگەم!! ... ئەندازیار نەریمان مەلا محمد گەلاڵی



ئەوە وتەکانی ئەو لاوە کوردە ئاوارەیە بوو کە کاتێک لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیاوە گەیشتە فرۆکەخانەی ئەستەمبۆل بۆ پۆلیسی فرۆکەخانەی ئەو وڵاتە بە ناودیمکراتیە! تاکو لە وێشەوە بەرەو کوردستان بگەڕێتەوە کەچی ڕێگەیان نەدا لە فرۆکەخانە دەرچێتە دەرەوەو ڕەوانەی ئەڵمانیا کرایەوە بە بێ ئەوەی بە ڕێگەیەکی نا یاسایی هاتبێتە ناوەوە یان تاوانێکی دەرهەق بەو وڵاتە کردبێت ئەو کاتە نە فرۆکە خانەی هەولێر و نە هی سلێمانی لە ئارادا نەبوون کە بتوانرێت یەکسەر لە کوردستان بنیشێتەوە،ئەو لاوە کوردە وەک هەموو خەڵکی تری کوردستان باری سەختی ئابووری تەنگی پێ هەڵدەچنێ و بە ناچاری ڕوودەکاتە دەرەوە بەڵکوو بتوانێ ژیانی خۆی و خێزانەکەی باشتر بکات. کەچی پاش ماوەیەک لێرە لە بەرلین تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی خوێن (لۆکیمیا) دەبێت و دەکەوێتە خەستەخانە بۆ چارەسەری لەگەڵ ئەو نەخۆشانە دادەنرێت کە هەمان ئەو نەخۆشیەیان گرتوە، لە وێ لەگەڵ کچێکی ئەم وڵاتە کە ئەویش شێرپەنجەیەتی حەز لە یەکتر دەکەن و پەیمان بە یەکتر دەدەن بۆ پاش چاکبوونەوە و دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ! و وەفادار بن بەرامبەر بەیەکتر لە هەردوو دونیا. دکتۆرەکان هەچی لەدەستیان هات لەڕوانگەی یەکسانی و مرۆڤ دۆستی و مۆرالی بەرزی ئەو کۆمەڵگا شارستانیە بۆیان کردو چەندان جار نەشتەرکاریان بۆ یەنجام داو خوێنیان گۆری و پارەیەکی بێ شووماریان لێ سەرف کرد. تاکوو ئیتر بێ ئومێد بوون و بە ڕاشکاوی پێیان گوت کە ئیتر هیچ ئومێدێک لە چاکبوونەوە بە دی ناکەن و مردنێکی مسۆگەر چاوەڕێیە! ئەگەر حەزیش بکات دەتوانین بۆ دواجار خوێنی لەشی دیسان بگۆڕین بەڵکوو بتوانێ بە سێ چوار ڕۆژ بگە ڕیتە وە وڵاتی خۆی و بە دیداری ئەو دایک و براو خوشکانەی کە حەوت ساڵە و لەو ڕۆژەی ڕۆیشتووە ئیتر چاوی پێیان نەکەوتۆتەوە شادببێت! ئیتر خواحافیسی و گەردن ئازادی لە هەموو دۆست و برادەران و خۆشەویتەکەی دەکات و بلیتی تەیارە دەبڕێت تاکو لە ڕێگەی ئەو وڵاتەی کە بەزۆری ناویان ناوە تورکیا بگەڕێتەوە کوردستان و شارە دێرینەکەی قەڵاو منارەو لە وێ تێر بۆنی ئەو خۆڵ و ئاوو هەوایە بکاتەوە کە لە منداڵیەوە هەڵی مژیوەو لێی پەروەردە بوەو وبۆ چەند ساتێکی کەمیش بێت بچێتەوە باوەشی دایکی و گوێ لە و لایلایە ڕادێرێت کە چۆن بە منداڵی دەیخستە خەوێکی پڕ لە خۆشی و کامەرانی و ئەم جارەش بۆ خەوێکی پڕ لەسەروتن و بێ هەڵسانەوەی ئەبەدی!!

بەڵام جەندرمەکانی تورک نەیانهێشت دوا حەزو ئارەزووی لاوێکی کورد کە لە ئاوزینگ و سەرە مەرگدایە بێتە دی و دایکە چاوەڕوانکراوە کەشیان تووشی حەسرەتێکی بێ پسانەوە کرد.. پاش گەڕانەوەی بۆ ئەڵمانیا دەمژمێر دوای دەمژمێر باری تەندروستی خراپتر دەبوو تا پاش چەند رۆژێک دوا ماڵئاوایی لێ کردین و گیانی پاکی ئەویش گەیشتە گیانی هەموو لانەوازو شەهید و ئەنفالکراوو زیندەبەچاڵکراوەکانی ئەم میللەتە ستەمدیدەیە

لەلایەن دۆستان و هەڤاڵان هەوڵدرا لەبەر خاتری دایکی تەرمەکەی بگەڕێننەوە کوردستان بەڵام دیسان لەبەر تورکیا کارەکە ئاسان نەبوو. بە ناچاری لە گۆڕستانێکی تایبەت بە

موسوڵمانان لەو وڵاتە و بە ئامادەبوونی کوردەکانی ئەو شارە و کچە دەسگیرانەکەی بە خاک سپێردرا. بەڵام بەر لە بەخاک سپاردنی کچەکە داوای کرد کە کەزیەکەی ئەویش لەگەڵ تەرمەکەدا بنێژن کە پێشتر بۆ ئەو مەبەستە بڕیبووی لەگەڵ دەسکە گوڵێک وەکوو وەفاداری و وەبیرهێنانەوەیەک بۆ پەیمانی خۆشەویستی نێوانیان! ئیتر لەو وڵاتە بە ئاوارەیی چوە خەوێکی قووڵی یەکجاری جوانترین شتیش کە وەدەستی هێنا سۆزو میهر و پەیمان بوو لە کولتوورێک کە تا ئێستا ئامادەنین بەئاسانی دانی پێدا بنێین!!!